مامۆستا :

ـ ئەم چوار ئاڵا بەدستە دەڵێن :

بۆ سەرەوە لای !



بۆ خوارەوە !



بۆ لای چەپ !



بۆ لای ڕاست !



مامۆستا :

ـ ئەم ئاڵا بەدەستانە دەڵێن چی و فڕۆکەکان بەرەو کوێ دەچن ؟ ئایا فڕۆکەوانەکان گوێیان داوەتە ئامازەی ئاڵا بەدەستەکە ؟
کێهە فڕۆکەوان گوێی داوەتە ئامازەی ئاڵا بەدەستەکە، ئەم نیشانەیەی (+) بۆ دابنێن و کامیان گوێی نەداوەتێ، ئەم نیشانەیەی( ـ ) بۆ دانێن.

ـ ئەم ئاڵا بەدستە دەڵێ :
بەرەو سەر بڕۆ !



ئایا ئەم فڕۆکە کەسکە بەرەو سەر ڕۆیشتووە ؟



ماموٚستا :

ـ ئەم ئالاٚ بەدستە دەلێ :

ـ بەرەو خوارەوە برِوٚ !



ئایا ئەم دوو فرِوٚکە شینانە بەرەو خوار رِوٚیشتوون ؟





ـ ئەم ئاڵا بەدستە دەڵێ :

ـ بۆ لای چەپ بڕۆ !



ئایا ئەم دوو فڕۆکانە بەرەو چەپ ڕۆیشتووە ؟



ماموٚستا :

ـ ئەم ئاڵا بەدستە دەڵێ :

ـ بوٚ لای ڕاست بڕوٚ !



ئایا ئەم دوو فڕوٚکانە  بەرەو ڕاست ڕوٚیشتوون ؟





مامۆستا :

ـ نازدار دەگەڵ دەستە خوشکەکانی مەرجیان کرد هەرکەس بچێتە سەر ئەم سەکۆ بڵیندە ، ئەو کەسە پاڵەوانە.



نازدار سەر کەوت، بەڵام نەیتوانی بێتەوە خوار.

نازدار زۆر ترسا .

نازدار بۆ هاتنە خوار لەم سەکۆ بڵیندە، دەبێ چی بکات ؟

مامۆستا :

ـ ئەمەی کە ئاسۆ و سەیوان پێیانە چییە ؟



ئێوە پێتان وایە سەیوان و ئاسۆ دەیانەوێت چی بکەن ؟

مامۆستا :

ـ ئاسۆ نەردیوانەکەی لە پای سەکۆکە دانا و بە نازداری گوت :

" نازدار من پەیژەکەم گرتووە، تۆ مەترسە و پێ بنێ بەسەر پێپیلکەکانەوە و وەرە خوار.



ـ ئێوە پێتان وایە نازدار لەم سەکۆ بەرزە بتوانێ بێتە خوار ؟

ـ نازدار پێی لەسەر یەک یەکی پێپیلکەی پەیژەکە دانا و هاتە خوار.
هەر ئەودەم کە نازدار هاتە خوار ، بە سەیوان و ئاسۆی گوت :
"کوڕینە شەرت بێ ئیتر قەت وەسەر جێگایەک نەکەوم کە نەتوانم لێی دابەزم.



مامۆستا :

ـ ئەم وێنەیە باسی چی دەکات ؟



ـ ئەم بەچکە ئاسکە دەمی کردۆتەوە و کەروێشکە بۆر سەیری ددانەکانی دەکات، تۆ بڵێی کەروێشکە بۆر دوکتۆری ددانان بێت ؟



ـ لێرەدا دوکتۆری ددانان و مستۆ دەبیندرێن.



مستۆ لە ساڵدا دوو جاران دەچێتە لای دوکتۆری ددانان. هەر جارێکیش کە مستۆ دەچێتە لای دوکتۆر، چونکە مستۆ باش بە ددانەکانی ڕاگەیشتووە، ئافەرینێک و فرچەیەک و هەویرێکی ئەستێرەنیشانی ددانان لە دوکتۆر وەردەگرێ.



شەوانە، بەر لە خەوتن، مستۆ ددانەکانی دەشوات و کەلێنەکانی بە چیلکە و دەزووی تایبەت خاوێن دەکاتەوە.

فرچەی تایبەت بۆ خاوێن کردنەوەی کەلێنی ددانەکان .



چیلکەی تایبەت بۆ خاوێن کردنەوەی کەلێنی ددانەکان .



دەزووی تایبەت بۆ خاوێن کردنەوەی کەلێنی ددانەکان .




(میل)ی تایبەت بۆ خاوێن کردنەوەی کەلێنی ددانەکان.



مامۆستا :

ـ ئەوانەی شەوانە بەر لە خەوتن، کەلێنی ددانەکانیان باش خاوێن ناکەنەوە و ددانەکانیان بە فرچە و هەویری ددان ناشۆن، تووشی ددان ئێشە دەبن.




ژانی ددان ناخۆشە.

گەزیزە ددانی ژان دەکا .
گەزیزە دەبێ چی بکا لە دەست ژانی ددان ڕزگاری بێت؟



ئاڕمان توکی سەری وەریوە.
ئاڕمانە کەچەڵ شەوانە بەرلە خەوتن، ددانەکانی خاوێن ناکاتەوە و دەخەوێ.
ئێستا ئاڕمان ددانی ژان دەکات.
ئاڕمان دەبێ چی بکات ژانی ددانی لە کۆڵ بێتەوە.



ـ گەزیزە و ئارمان دەبێ بچنە لای دوکتۆری ددانان.
ئارمان و گەزیزە دەبێ لە قسەکانی دوکتۆر دەرنەچن و باش بە ددانەکانیان ڕابگەن.
شەوانە، بەر لە خەوتن کەلێنی ددانەکانیان باش خاوێن کەنەوە و بە فرچە و هەویری ددان، دەم و ددانیان باش بشۆن.

ـ ئەگەر شەوانە بەر لە خەوتن ددانەکانمان بە فرچە و هەویری ددان بشۆین و بەشی پشتەوە و کەلێنی ددانەکانمان باش خاوێن بکەینەوە، تووشی ددان ئێشە و ددان کێشان نایەین.
دوکتۆر سەیری ددانەکانی هیوا دەکات.
دوکتۆر دەڵێ : دوو ددانی هیوا تووشی نەخۆشی هاتوون و پێویستیان بە پڕ کردنەوە و نەوژەن کردنەوە هەیە.



دوکتۆر بە مام ڕەجەب دەڵێ :



ـ مام ڕەجەب ! تۆ هیچ شەوێک بەر لە خەوتن ددانەکانت نەشوردوون. هەموو ددانەکانت نەخۆشن و دەبێ هەموویان دەرێنین و ددانی دەسکردت بۆ دابنێینەوە.
مامۆستا :
ـ ددانەکانمان چلۆن بشۆین و خاوێنیان بکەینەوە ؟

1ـ بەم شێوەیە کە لە خوارەوە دەیبینن، کەلێنی ددانەکانمان بە (میل) و چیلکە و دەزوو، خاوێن دەکەینەوە .












دوایە بە فرچەی نەرم و هەویری ددان، لە سەرەوە بەرەو خوا و لە هەموو لایەکەوە ددانەکانمان دەشۆێن و بە فرچەی نەرم پوک(گۆشتی ددان)ەکانمان دادەماڵین.












